Diyako

# ئیمپراتۆریی ماد

پێشەکی

لە ئاخر و ئۆخری سەدەی هەشتەمی پێش لە زایین هۆزێکی ئازای ئاریایی لە ڕیزە چیاکانی زاگرۆس سەری هەڵدا و خەڵکانی ئەو دەمەی دانیشتووی زاگرۆس کە بریتی بوون لە گۆتییەکان، لۆلۆییەکان، کاسییەکان، هۆرییەکان و هتد نەیانتوانیبوو بەرگەیان بگرن و ئاخری لە ناوی ئەواندا تواببوونەوە. ئەم خەڵکە نوێیە "مادەکان" بوون (باپیرەی کوردانی ئەوڕۆکە) کە پاشتر توانییان ئیمپراتۆرییەکی مەزن پێك بێنن.

ئاخۆ مادەکان کە پاتشاکانیان بریتی بوون لە:

1ـ دیاکۆ (708 تا 655ی پ.ز.) 53 ساڵ دەسەڵاتداری.

2ـ فرۆرتیش (655 تا 633ی پ.ز.) 22 ساڵ دەسەڵاتداری.

3ـ هوخشتەر (633 تا 584ی پ.ز.) 49 ساڵ دەسەڵاتداری.

4ـ ئاستیاگ (584 تا 550ی پ.ز.) 34 ساڵ دەسەڵاتداری.
کێ بوون و لە کوێوە هاتن؟ چییان کرد و چۆن لەنێو چوون؟

هیندوئەورووپی
نزیکەی 6000 ـ 7000 ساڵ پێش لە ئێستە، خەڵکێك لە دەشتەکانی باکوور و ڕۆژئاوای دەریای ڕەشدا دەژیان و خاوەنی زمانێکی هاوبەش بوون کە پێیان دەوترێ هۆزەکانی ئاریایی یان هیندوئورووپی.

ئەم خەڵکە بەدرێژایی زەمان گەلێ هۆز و تیرەی جۆربەجۆریان لێ کەوتەوە و دواتر ڕەنگە بەشوێن لەوەڕگە و بژیوی باشترا کەوتنە کۆچکردن بەملا و ئەولای جیهانا.

هەندێ لەم هۆزانە هەڵکشان بەرەو ڕۆژئاوا و پاش سەدان ساڵ شەڕ و کێشمەکێش زۆربەی ئەورووپایان داگیر کرد. سویدی، ئەڵمانی، یۆنانی، ئیتالی، پۆرتۆگالی و هتد پاشماوەی ئەوانن.

هەندێکی تر لەو هۆزانە بەرەو رۆژهەڵات کەوتنە رێ و لە تورکستانی ئیمرۆی رووسیادا خۆیان گرتەوە و ماوەی هەزار ساڵێك لەوێ مانەوە و لە پاشان کەوتنەوە رێ و هەندێکیان لە دەوروبەری ریزە چیاکانی زاگرۆس (کوردستانی ئەورۆکە)دا گیرسانەوە و هەندێکیشیان لە باشووری ئێرانی ئێستاکەدا نیشتەجێ بوون. چینێکی تریشیان بەسەر هیمالیادا چوون بەرەو هیندوستان و لە پەنجاب گیرسانەوە.

لەم خەڵکانە گەلێ هۆز و تیرەی نوێتر کەوتەوە، لە بەرەی زاگرۆس ماد و لەوانەی باشووری ئێرانیش پارسەکان کەوتنەوە.

ئەم ئاڵوگۆڕ و کۆچکردنە بەم خێراییە نەبووە کە لێرە باس کرا بەڵکوو پتر لە هەزاران ساڵی خایاندووە و گەلێ قۆناغ و سەردەمیان بڕیوە.

کەوابێ هیندوئەورووپییەکان باپیرەی سویدی، ئەڵمانی، ئینگلیزی، فەرەنسایی، کورد، هیندوستانی، ئەفغانی، فارس و گەلێ نەتەوەی ترن کە ئەورۆکە بۆخۆیان خاوەنی وڵات و زێدی تایبەتی خۆیانن. زمانی هەموو ئەمانەش لە بنەڕەتدا دەچێتەوە سەر زمانی هیندوئەورووپییەکان، بەڵام ئەورۆکە هەر کامەیان خاوەنی زمانێکی تایبەتمەندن. زمانی کوردیش بۆ خۆی زمانێکی سەربەخۆیە و بناوانی دەچێتەوە بۆ سەر زمانی ئارییایی یان هیندوئوروو‌پی.

## دراوسێی مادەکان

وەك وتمان لە هیندوئەورووپییەکان گەلێ هۆز و تیرەی تر کەوتنەوە، لە ئاخروئۆخری سەدەی هەشتەمی پێش لە زاییندا مادەکان لە ناوچەی چیای زاگرۆس و پارسەکانیش لە باشووری ئێرانی ئێستاکەدا سەریان هەڵدابوو. ئەمانە بە شێوەی خانخانی و دەرەبەگایەتی دەژیان و خاوەنی دەوڵەتێکی تایبەتی نەبوون.

لە دەوروبەری ئەوانیشدا گەلێ خەڵك و نەتەوە و هۆزی تر هەبوون. بۆ نموونە لە دەوروبەری دەریاچەی ورمێ خەڵکێ بە ناوی سکاییەکان دەژیان. تۆزێ لە رۆژئاواتر ئیمپراتۆرییەك بەناوی ئیمپراتۆریی خالدییەکان هەبوو. لە رۆژئاوای مادەکاندا ئیمپراتۆرییەکی مەزن هەبوو بە ناوی ئیمپراتۆریی ئاشوورییەکان. پایتەختی ئەوان شاری نەینەوا بوو کە کەوتبووە نێزیکی مووسڵی ئێستاکەوە.

ئەمانە لە بنەڕەتدا سامی بوون و لە ناوچەی عەرەبستانەوە هاتبوون و لەوێ بۆخۆیان ئیمپراتۆرییەکی مەزنیان پێك نابوو. ئیمپراتۆریی ئاشوورییەکان زۆر بەهێز و بێبەزەیی بوو و هەردەم بۆ پەرەپێدانی مۆڵگەی خۆی هێرشی دەبردە سەر دەوروبەرەکانی و توانیی لە ماوەی دەسەڵاتداریی خۆیدا گەلێ ئیمپراتۆری و دەوڵەت برووخێنێ و بیانخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، بۆ نموونە ئیمپراتۆریی

هیتییەکانی ڕووخاند، فەلەستینی داگیر کرد، ئیمپراتۆریی هەزاران ساڵەی عیلامییەکان کە لە لای خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئێستاکەی کوردستاندا بوو تێك دا. لە ڕۆژهەڵاتەوە هەتا چیای دەماوەند و کەویری لووت کشان و بەسەر پارس و مادەکاندا زاڵ بوون. ئاشوورییەکان لە گەلێ نەتەوەی ناوچەکە پیتاك و سەرانەیان بە زۆر وەردەگرت، تەنانەت لە پارسەکان و مادەکانیش وەریان دەگرت.

ئیمپراتۆریی ئاشووری دەسەڵاتێکی بەهێز و مەترسیدار بوو بۆ هەموو خەڵکانی ناوچەکە.
بەڵام...

بەڵام دواتر لە نێو هۆزە ئارییایییەکاندا تاکە هۆزێك بۆ یەکەم جار سەری هەڵدا و بوو بە ئیمپراتۆرییەك و دواتریش کەوتە گیانی ئمپراتۆریی دڕندەی ئاشوور و ئەو ئیمپراتۆرییەی لە ڕووپەڕی مێژوودا بۆ هەمیشە سڕییەوە. ئەویش ئیمپراتۆریی بەهێزی مادەکان بوو، باپیرەی کوردانی ئەوڕۆکە.

ئیمپراتۆریی ماد، ئیمپراتۆرییەکە کە کوردان دەبێ هەمیشە بە شانازییەوە یادی لێ بکەن. دەبێ کۆڕ و کۆمەڵی پسپۆڕ و تایبەتی تەرخان بکرێ بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو ئیمپراتۆرییە مەزنە.

## ئاخۆ چۆن بوو ئەو ئیمپراتۆرییە پێك هات؟

### 1ـ دیاکۆ



وەك وتمان مادەکان و پارسەکان کە هەردوکیان لە بنەڕەتدا ئارییایی بوون، لە ئاخروئۆخری سەدەی هەشتەمی پێش لە زاییندا سەریان هەڵدابوو و بەشێوەی خانخانی و دەرەبەگایەتی و پرشوبڵاو دەژیان.

نزیکەی 700 ساڵ پێش لە زایین لە نێو مادەکاندا کەسایەتییەك دەژیا کە لە لای هەموو مادەکانەوە ڕێزێکی تایبەتیی هەبوو، ئەو ناوی دیاکۆ بوو. دیاکۆ

مرۆڤێکی بەئاوەز، تێگەیشتوو و هەڵکەوتەی گوندەکەی بوو کە بڕوای وا بوو لە نێوان زوڵم و دادا خەباتێکی هەمیشەیی و هەتاهەتایی هەیە.

خەڵك کە لێزانی و تێگەیشتوویی و دادوەریی دیاکۆیان دیبوو بۆ چارەسەرکردنی گیروگرت و کێشە و ئاژاوەکانیان هانایان دەبردە بەر ئەو.

دیاکۆ بوو بە خۆشەویستی هەمووان و ناوبانگی داخست، وای لێ هات کە لەبەر دادگەری و پیاوچاکییەکانی لە لایەن خەڵکەوە داوای لێکرا کە ببێ بە سەرۆك و پاتشایان. ئەویش کە بشێوی و بەربڵاوی و هەتەران و تەتەرانی ناوچەکە ئازاری دەدا، بە داخوازییەکەیان قایل بوو و بڕیاری دا مادەکان لە دەوری یەك کۆ کاتەوە و لەوان نەتەوەیەکی یەکگرتوو و هاوبەش پێك بێنێ.

یەکەم کارێ کە کردی داوای لە خەڵکەکە کرد کە واز لە تەرانشینی بێنن و لە دەوری یەکدا کۆ بنەوە و فەرمانی دا کە پایتەختێك چێ کەن. ئەوە بوو کە شاری (ئیکباتان)یان ئاوا کردەوە. شارەکە حەوت شوورەی بازنەیی بەدەوردا کێشرا بوو و هەر شوورەیەك لەوی تر بەرزتر بوو و بارەگای شا و خەزێنەکانی لە نێو ئاخرین شوورەکەدا بوو. چێوەی دیوارە دەرەکییەکانی زۆر لە دیوارەکانی (ئاتێن) پایتەختی یۆنان دەچوو. ڕەنگەکانی ئەو شوورە حەوتەوانانە بە ڕیز بریتی بوون لە سپی، ڕەش، ئەرخەوانی، شین و نارنجی. لە سەربانی دوو شوورە دوایینەکە، یەکێکیان بە زیو و ئەوی دیکەشیان بە زێڕ داپۆشیبوو.

بە شاری ئیکباتان، هگمەتانەش وتراوە و ئەوڕۆکە پێی دەڵێن هەمەدان و هێشتاش هەر ماوە و دراوسێی پارێزگای کرماشان ە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و بە گوێرەی دابەشبوونە جوگرافییەکانی وڵاتی ئێراندا بۆ خۆی پارێزگایەکی سەربەخۆیە. دیارە درێژایی زەمان هەموو شتێکی لێ سڕیوەتەوە و بۆنوبەرامەی مادەکانی لێ نایە، بەتایبەت کە پاش مادەکان ئەو شارە هەمیشە لەدەستی ناحەزانی ماد بووە و هەرچی شارستانیەتی ئەو شارە بووبێ سڕیویانەتەوە یان بۆ خۆیان بردوویانە.

* * *

هەواڵێك لەسەر پایتەختی مادەکان:

{بەڵام لە ڕێکەوتی 25ـ 07ـ 1999، ایرنا، ئاژانسی دەنگوباسی ئێرانی هەواڵێکی سەبارەت بە پایتەختی مادەکان لەسەر ئینتەرنت بڵاو کردەوە کە دەقی وەرگێڕاوەکەی لە خوارەوە دەبینن:

عەمەلیاتی لێکۆڵینەوە بە مەبەستی ناسینەوەی پایتەختی سەرەکیی

"مادەکان" دەستی پێکرد.

دەهەمین بەشی توێژینەوەی گردی "هگمەتانە" یەکێك لە گرنگترین گردە مێژینەییەکان لە پارێزگای "هەمەدان" بە مەبەستی ناسینەوەی پایتەختی سەرەکیی مادەکان لە ڕۆژی یەکشەمەدا دەستی پێکرد.

"موحەمەد ڕەحیمی سەڕاف" سەرپەرشتی شاندە شوێنەوارناسەکەی گردی هگمەتانە وتی، ئەم شاندە لە ماوەی 16 ساڵ و بە جێبەجێکردنی 9 بەشی توێژینەوە لە گردی هگمەتانەدا توانیی یەکێك لە کۆنترین شارە مێژینەییەکان لە سنوورگەی 25 هیکتاریی ئەم گردە مێژینەییە لە ژێر خاك و خۆڵ وەدەرخا.

ئەو وتی ئەو بەڵگانەی بەدەست هاتوون نیشاندەری هەبوونی شارێکن لە "هگمەتانە"دا کە حکوومەتی تێدا کراوە و دۆزینەوەی سیستەمی تایبەتمەندی بیناسازی و میعماریی ئەو شارە پیشاندەری بلیمەتیی بیناسازان، هونەرمەندان، نەخشەکێشان و باقیی پسپۆڕانی ئەو شارەن لە جیهانی مێژینەدا.

بەگوێرەی وتەی بەڕێوەبەری ئەم شاندە شوێنەوارناسە، هەبوونی لەمپەر و پتەوگەی سروشتی و بەتایبەت شوورەیەکی ئەستوور و قایم، باس لە نرخ و گرنگیی (سوق الجیشی)ی ئەم شارە مەزنە لە سەردەمی مێژینە و کەونارا دەکا.

ناوبراو وتی، ڕێڕەو، شەقام و کۆڵانەکانی ئەم شارە پایتەختە، پاناییەکەی 3 میتر و نیوە و لە ڕاستەی باکووری ڕۆژهەڵات بەرەو باشووری ڕۆژئاوا هەڵکەوتووە و هاوتەریبن و بە دوورییەکی 35 میتری لە یەکەوە پێکهاتوون.

سەڕاف درێژەی دا، چەندەها مۆر، پەیکەر، دەفری گڵین و شووشەیی، جۆرەها سکە لە دەورانی سلووکی هەتا دەورانی ئیسلامی بەشێکن لەو ئاسەوارە بەدەستهاتووە لەم گردە مێژینەدا و بە گوێرەی ئەو بەڵگە و نیشانانەی کە بەدەست هاتوون وێدەچێ ئەم شارە کەوناراییە پایتەختی سەرەکیی مادەکان بێ.

هەوڵ دەدرێ کە بەڵگەی پێویست بەدەست بێنن کە بتوانێ قسەی مێژووزانان بسەلمێنێ کە دەڵێن ئەم شارە مێژینەییە هی "دیاکۆ" پادشای مادەکانە.

هەروەها کێشانی نەخشەی شارە مێژینەییەکەی گردی هگمەتانە، ڕێکخستن و چاکردنەوەی مۆزەخانەی کاتیی گردی هگمەتانە، سەرلەنوێ چاکردنەوەی شوورەکە، ئامادە کردنی کاتالۆگ لە دەرئەنجامی هەڵکەندنکارییەکانی شاندە شوێنەوارناسەکە، ئامادەکردنی نەخشەی تەواوی گردەکە و توێژە

هەڵکەندراوەکانی، بەشێکن لە بەرنامەکانی شاندە شوێنەوارناسەکە لە بەشی دوایی توێژینەوەکەدا}.

* * *

دیاکۆ پاتشایەکی دادگەر بوو و توانیی لە ماوەی ژیانیدا تەنانەت پێش لە پارسەکانیش دەوڵەتێك بۆ مادەکان پێك بێنێ و مادەکان لە دەوری یەکدا کۆ کاتەوە و بوو بە دامەزرێنەری ئیمپراتۆریی ماد کە دواتر لە لایەن کوڕەکانیەوە بەهێزتر و بەربڵاوتر بوو. دیاکۆ پاش 53 ساڵ دەسەڵاتداری، لە ساڵی 655ی پێش زایین چرای ژیانی کوژرایەوە و پاش ئەو، حکوومەت کەوتە دەستی کوڕەکەی کە ناوی فرورتیش بوو.

## 2. فرورتیش

فرورتیش پاش دیاکۆ دەسەڵاتی گرتە دەست و بۆ ماوەی 22 ساڵ لە نێوان ساڵانی 655 و 633 حوکمی گێڕا.

لە کاتی هاتنە سەر تەختی فرورتیش، هۆزی سکایی کە تیرەیەکی شەڕخڕ و جەنگاوەر بوون لە دەوروبەری گۆلی ورمێدا دەژیان. پارسەکانیش لە باشوور دەژیان. فرورتیش هەردەم هەوڵی دەدا کە سنوورگەی ئیمپراتۆریی ماد بەربڵاوتر بکا، ئەوە بوو هێرشی بردە سەر پارسەکان و مەڵبەندەکەیانی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی و قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریی مادی بەرینتر کرد. بەڵام ئەو لە خولیای ئەوەدا بوو کە هێرشیش بەرێتە سەر ئیمپراتۆریی ئاشوور و کۆتایی بە زۆڵم و ستەمی ئاسوورییەکان بێنێ و گەلێ نەتەوە کە ناچار بوون باج و پیتاك و سەرانە بە ئاسوورییەکان بدەن لە ژێری ئەو بێدادییەدا ڕزگار بکات.

سوپایەکی گرانی کۆ کردەوە و بەرەو نەینەوا پایتەختی ئاشووورییەکان کەوتە ڕێ. هەواڵ گەیشتە ئاشوورییەکان، ئەوان لە پێشەوە بەرپەرچی مادەکانیان دایەوە. سکاییەکانیش کە لە دەوروبەری دەریاچەی ورمێدا دەژیان و هاوپەیمانی ئاشوورییەکان بوون، سوپایەکی گرانیان لە پشتەوە خستەڕێ بۆ هێرشبردنە سەر مادەکان و پشتیوانی لە ئاشوورییەکان. ماوەیەکی دوورودرێژ گەلێ شەڕی قورس و گران لەو نێوەدا کرا. مادەکان کەوتبوونە گەمارۆی سکاییەکان و ئاشوورییەکانەوە.

لە یەکێ لەو شەڕانەدا لە ساڵی 633ی پێش زایین فرورتیش کوژرا و دەوڵەتی ماد کز بوو و سکاییەکان کە هەلیان بە لەبار دەزانی کەوتنە داگیرکردن و تاڵانکردنی مەڵبەندی مادەکان. ئەوان نزیکەی 28 ساڵ هەتەران و تەتەرانیان لە وڵاتی ماددا دەکرد و کەوتبوونە کوشتوبڕی مادەکان.

## 3. هوخشتەر (سیاگزار)

پاش کوژرانی فرورتیش، کوڕەکەی کە ناوی هوخشتەر بوو دەسەڵاتی گرتە دەست. دیارە ئەو کێشەی زۆری لەگەڵ سکاییەکان هەبوو. هوخشتەر پێشەوایەکی لەبار و لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا سەرکردەیەکی بێوێنە بوو.

ئەو بۆ ئەوەی کە بتوانێ بەرەنگاری سوپای دوژمن بێت، سوپایەکی ڕێکوپێکی کۆ کردەوە و پسپۆڕانە باری هێنان. سوپایەك بریتی لە سوارە و پیادە. سوارەکانیان شانیان لە شانی سوارەکانی ئاشووری دەدا و پیادەکانیان لە تیرهاویشتن بێوێنە بوون و بە تیروکەوان و نێزە چەکدار بوون.

لەبەر ئەوەی کە وڵاتی ماد جێگەیەکی لەبار بۆ پەروەردەی ئەسپ بوو و مادەکان هەر لە منداڵییەوە شارەزای ئەسپسواری و تیرهاویشتن بوون، کاری هوخشتەر ئاسانتر دەبوو بۆ پێکهێنانی سوارەیەکی خاوەن ئەزموون و بەزیپکوزاکوون. هوخشتەر توانیی جەنگاوەرانی ئازا و بەجەرگی وا بار بێنێ کە لە هیچ شتێ نەدەسڵەمین. هەر بە یارمەتیی ئەو سوپا نەبەزە توانیی سکاییەکان کە دەمێك بوو لە وڵاتی مادا کەوتبوونە تاڵان و کوشتوبڕ تێك بشکێنێ و لە وڵات وەدەریان نێ. بەوجۆرە تۆڵەی باوکی و وڵاتە تاڵانکراوەکەی مادی لە سکاییەکان کردەوە.

پاشانیش لەگەڵ (نەبوو پۆلاسار) پاتشای بابل کە پێشتر بە یارمەتیی مادەکان سەربەخۆیی خۆیان بەدەست هێنا بوو، یەکی گرت و بە سوپایەکی گرانەوە هێرشی بردە سەر ئاشوورییەکان و شاری نەینەوای لە 612ی پێش لە زایینداگرت کە پایتەختی ئاشوورییەکان بوو. ساراکوس (سەنا خەریب) کە پاش مەرگی (ئاشوور بەنیپال) ببووە پاتشای وڵاتی ئاشوور، کە دیی بەرگەی مادەکان ناگرێ ئاگرێکی گەورەی هەڵکرد و خۆی و خاووخێزانی خستە ناو ئاگرەکە و بەوجۆرە چرای تەمەنی هەزار ساڵەی ئیمپراتۆریی ئاشوور کوژرایەوە.

لە سەردەمی هوخشتەردا وڵاتی ماد گەلێك پەرەی سەند. هوخشتەر بە تێگەیشتوویی و زانایی خۆی خزمەتی گەورەی بە مادەکان کرد. ئیمپراتۆریی ماد لە سەردەمی هوخشتەردا زۆر بڵاو و بەرین ببووەوە.

هوخشتەر لە ساڵی 584ی پێش زایین کۆچی دوایی کرد.

## 4ـ ئاستیاگ (ئەژدیهاك)

پاش هوخشتەر، کوڕەکەی کە ناوی ئاستیاگ بوو دەسەڵاتی گرتە دەست. ئەویش نزیکەی 34 ساڵ دەسەڵاتداریی کرد. لە سەردەمی ئەودا وڵاتی ماد هێمن و کڕوکپ بوو. ئاستیاگ بە لاساییکردنەوەی پاتشایانی ئاشووری بارەگای دروست کرد و خەڵکێکی زۆر تیای کەوتنە کار کردن. دەربارییەکان جلی ڕەنگاوڕەنگیان لەبەر دەکرد و لە ڕێوڕەسم و بۆنە تایبەتییەکاندا زنجیر و ملوانکەی زێڕینیان دەکردە مل.

ئاستیاگ کچێکی هەبوو بە ناوی ماندانا، ئەم کچە درابوو بە مێرد بە یەکێ لە سەرکردەکانی پارس لە باشوور. ئەویش دواجار کوڕێکی دەبێ کە ناوی دەنێن کوورش. کاتێ کوورش گەورە دەبێ خۆی بە پارسێکی تەواو دەزانێ و بڕیاریش دەدا کە وڵاتی ماد داگیر بکات.

لەملاو ئەولا سوپایەك کۆ دەکاتەوە و بە سیاسەتیش خۆی لە بابلییەکان نێزیك دەکاتەوە و داوایان لێ دەکا کە پێکەوە هەڵمەت بەرنە سەر ئیمپراتۆریی ماد. بابلییەکانیش کە دەمێك بوو لە حەسرەتی (هاران)دا بوون کە ڕێگای هاتوچۆی نێوان سووریا و بابل بوو و لەژێر دەستی مادەکاندا بوو، دەبن بە هاوپەیمانی پارسەکان و دوو قۆڵی هێرش دەبەنە سەر وڵاتی ماد و پاش گەلێ شەڕی قورس و گران، ئاستیاگ کە زۆریش بەتەمەن بوو وپاتشا و سەرکردەی سوپای ماد بوو، لە لایەن پارسەکانەوە بە دیلی دەگیرێ و چەمەسەریی زۆر دەبینێ. بەوجۆرە دەسەڵاتداریی مادەکان دەکەوێتە دەستی پارسەکان و کوورش دەتوانێ حکوومەتی هەخامەنشییەکان بۆ یەکەمجار دامەزرێنێ.

بەوجۆرە ئیمپراتۆریی ماد لە ساڵی 550ی پێش لە زاییندا ئەستێرەی دەسەڵاتی لە تررووسکە دەکەوێ.

لەبەر ئەوەی کە سەردەمی مادەکان لەم سەردەمەوە زۆر دوور بووە، هەندێ لە مێژووزانان لە سەر چەند بەشێکی ساڵی دەسەڵاتداریی مادەکان هەندێ بیروڕای جیاوازیان هەیە. بۆ نموونە هروودت مێژووزانی یۆنانی ئەو ساڵانە وا دەخەمڵێنێ:

1ـ دیاکۆ، 727 تا 675ی پ. ز.
2ـ فرۆرتیش، 674 تا 653ی پ. ز.
3ـ سکاییەکان و ماد، 652 تا 625ی پ. ز.
4ـ هوخشتەر، 624 تا 585ی پ. ز.
5. ئاستیاگ، 584 تا 549ی پ. ز.

و دواجاریش ڕووخانی دەوڵەتی ماد لە ساڵی 550ی پێش لە زایین دەزانێ.

## سنووری ئیمپراتۆریی ماد

سنووری ئیمپراتۆریی ماد لە باکوورەوە دەگەیشتە ڕووباری ئەرەس، لە باشوورەوە هەتا خووزستان، لە ڕۆژهەڵاتەوە هەتا بەلخ و لە ڕۆژئاواشەوە دەگەیشتە ڕووباری هالیس واتە ئەو چۆمەی کە ئەورۆکە پێی دەڵێن قزل ئیرماق. ئەم ناوچە بەربڵاوە، بەشێکی گرنگی ئاسیای بچووك و دەڤەرەکانی ئازەربایجان و کوردستان و هەمەدان و ئەراك و ڕەی و دامغان و فارس و بەلخ بەشێك لە خووزستان و تەواوی مازندەرانی دەگرتەوە.



(سەرچاوەی نەخشە: ماڵپەڕی کاك سەردار پشدەری)

## وێنەکان:

(سەرچاوەی وێنە: جنبش های کرد از دیرباز تا کنون)



جامی زێڕین بە نەخشی شێر
هی مادەکان، سەدەی 6ـ 7 پ.ز.



جامی زێڕین لە سەدەی حەوتەمی

پێش لە زایین، بەدەستهاتوو لە
ئیکاباتان



پەیکەری بەردین، یەکێ لە سەرکردەکانی
ماد کە بێچووە شێرێکی لە ئامێز گرتووە.



وێنەیەك لە كوژرانی گئۆماتا و فەلاقەی
دەوروبەرەكەی بە دەستی داریۆشی یەكەم
كە لەسەر دیوارەكانی بێستووندا هەڵكۆڵراوە

سەرچاوە و ژێدەرەكان:


1ـ سەرچاوەی نەخشە: ماڵپەڕی كاك سەردار پشدەری
2ـ تاریخ ده هزار ساله ایران ـ جلد اول ـ چاپ دهم ـ تابستان 1378 ـ عەبدولعەزیم رەزایی.
3ـ تاریخ ماد ـ چاپ چهارم ـ سال 1377 ـ ا. م. دیاكونوف، ترجمه كریم كشاورز.
4ـ تاریخ كرد و كردستان ـ چاپ اول ـ سال 1378 ـ سدیق سەفی زاده (بۆرەكەیی).
5ـ جنبش های كرد از دیرباز تاكنون ـ چاپ اول ـ سال 1993 ـ سوئد ـ م. كاردوخ، سەرچاوەی هەندێك لە باسەكە و هەروەها سەرچاوەی وێنەكەی دیاكۆ و باقیی وێنەكان، ئەم كتێبە بووە.
6ـ مێژووی ڕاپەڕینی كورد ـ عەلائەدین سەجادی ـ چاپی دووهەم ـ 1996 ـ سەقز.
7ـ ئینتەرنت، ئیرنا، 25 ـ 07 ـ 1999.


*************************


ماڵپەڕی دیاكۆ
دیاكۆ
diyako1@hotmail.com
http://www.geocities.com/dyako700/index.htm

# سەرەتایەک بۆ مێژوو

## سەردەمی کەونارا

کورد کە ئەورۆ گەورەترین نەتەوەی بێ نیشتمانی سەر گۆی زەوییە یەکێك لە کۆنترین نەتەوەکانی ڕۆژهەلاتی نێزیك و ناوەڕاستە. سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناخی مێژوو. بەڵگە زانستییەکان پیشان دەدەن کە کوردستانیش مێژینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کانگەی کەونارایەکی هەرە کۆن و دێرین.

لە چاخی بەستەڵەکدا کە نێزیکەی نیو میلیۆن ساڵ پێش لە ئێستە ڕووی دا و نزیکەی 20.000 ساڵ پێش لە زایین کۆتایی هات زۆربەی ناوچەکانی ئەورووپا و ئەمریکای باکووری داپۆشرابوون لە سەهۆڵ. ئەو دەمە ناوچە بیابانی و چۆڵەوانییەکانی ئەفریقا و مەڵبەندە وشکە عەرەبییەکان کەشێکی مامناوەندییان هەبوو. کوردستانیش کەش و ئاووهەوایەکی بارانی و مامناوەندیی هەبوو.

ئادەمیزادی دێرین پەنای دەبردە بەر ئەشکەوتەکان بۆ زنج و دەشتەکان بۆ ڕاوگە و لە ڕێی ڕاوەوە ژیانی خۆی دەبردە سەر. بۆیە ناچار دەبێ ئامێری لەبار دروست بکا کە لە کاتی ڕاودا بەکاری بێنێ. لە پێشدا بەردی تیژ و پاشان ئێسقانی بەکار دەهێنا و بەرەبەرە ئامێری نوێی ساز کرد.

بەم قۆناغەی مێژوو دەوترێ شارستانییەتی بەردی کۆن.

چاخی بەردین وا دابەش دەکەن:

1ـ بەردی کۆن: ئەم چاخە نزیکەی 350 هەزار ساڵی خایاند. لەم سەردەمەدا تەوری بەردین و بەردی تیژ ساز کرا. لەم چاخەیە کە دەوترێ مرۆڤ شێوازی لە مەیموون دەچوو. پاشماوەی ئەم شارستانییەتە لە یەك کیلۆمەتریی شاری چەمچەماڵ (لە ساڵی 1949دا) لە ناوچەیەك بە ناوی «بەردەبەڵەك» دۆزراوەتەوە.

2ـ بەردی ناوەڕاست: لەم دەورانەدا مرۆڤی «نیاندەرتال» بەدی هات

کە لە ئەشکەوتەکاندا دەژیان. پاشماوەی ئەم مرۆڤ و شارستانییەتە لە چیاکانی کوردستان لە ئەشکەوتی «شانەدەر» دۆزراوەتەوە کە دەکەوێتە باشووری چیای «برادۆست»ەوە کە زاڵە بەسەر رووباری «زابی گەورە» و زۆر لە شاری «ڕەواندز»ەوە دوور نییە. ئەو ئەشکەوتە چوار قات بوو.

لە قاتی چوارەمدا ئاگردان و خۆڵەمێشی تێکەڵ بە ئێسقان دۆزراوەتەوە کە نیشاندەری ئەوەیە کە مرۆڤ ئاگری ناسیوە. هەروەها تەور و ڕنە و ئامێری کونکردن لە جنسی بەرد و ئێسقانی مرۆڤی نیاندەرتال دۆزراوەتەوە. ئەم قاتە دەگەڕێتەوە بۆ حەفتا هەزار ساڵ پێش لە ئێستە.

لە قاتی سێهەمدا بەردی چەخماخ دەبینرێ کە دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردی نوێ. مێژینەی ئەم قاتە هی نزیکەی 3.000 ساڵ پێشە و بە «پیشەسازیی برادۆست» بەناوبانگە.

لە قاتی دووەمدا هەندێ ئامێری چاخی بەردی ناوەڕاست وەك چەقۆ، ڕنە، گورزی بەردی دەبینرێ. هەڵبەت نموونەی ئەم ئاسەوارانە لە هەندێ شوێنی تر وەك نزیکەی سلێمانی و چەمچەماڵ و ڕەواندز و بێستوون و باکووری کوردستانیش دۆزراوەتەوە.

لە قاتی یەکەمدا پاشماوەی وا دۆزراوەتەوە کە نیشان دەدا مرۆڤ ئامێری نوێتر و جۆربەجۆرتری لە بەرد ساز کردووە.

3ـ بەردی نوێ: دەستپێکی ئەم سەردەمە دەگەڕێتەوە بۆ 35.000 ساڵ پێش. لەم چاخەدا، لە بەرد و ئێسقانی قۆچ و عاجی فیل هەندێ ئامێری پێشکەوتووتر ساز کرا. بە مرۆڤی ئەم سەردەمە دەوترێ «هوموساپینس» و بە شارستانییەتەکەی دەڵێن «کرومانیۆن».

لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی مێژینەناسی پیشانیان داوە کە ناوچەی کوردستان لە چاخی بەرددا جێگەی ژیانی مرۆڤە سەرەتاییەکان بووە.

## کشتوکاڵ

مرۆڤی دانیشتووی کوردستان 3500 ساڵ زووتر لە ئەورووپا بۆ یەکەم جار قۆناغی ڕاوی تێپەڕاند و هاتە قۆناغی کشتوکاڵەوە.

لەبەر ئەوەی کە کوردستان کەشێکی لەباری بۆ سەوزبوونی گەنمی خۆڕسك هەبووە ئادەمیزاد نزیکەی 10.000 ساڵ پێش لە کوردستاندا

هاتووەتە قۆناغی کشتوکاڵەوە. هەندێ شوێنەوار و بەتایبەت چوار شوێنی گرنگی مێژینەیی کە لە کوردستاندا دۆزراونەتەوە ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن:

1ـ شانەدەر لە نزیکی ڕەواندز. تەور و بەردی تیژ، ئامێری پێش لە کشتوکاڵی تیا دۆزراوەتەوە.

2ـ کەریم شار لە نزیکی چەمچەماڵ. قوڵنگی بەردین، تەور و بەردی داتاشراو، ئامێری پێش لە کشتوکاڵ.

3ـ مەلفات لە نێوان ڕێگەی کەرکووک ـ هەولێر. هەندێ ئامێری لە بەرد داتاشراو و داس دۆزراوەتەوە. لێرە ئەو ئامێرانە دەستپێکی قۆناغی کشتوکاڵ نیشان دەدەن.

3ـ چەرمۆ لە نزیکی چەمچەماڵ لە باشووری کوردستاندا. دوانزە قات شارستانییەت دۆزراوەتەوە بۆ نموونە: جامۆڵکەی لە قوڕ برژاو، پەیکەری گڵیی گیانلەبەران و سەرەتاییترین ئامێری چنین، ڕادەیەك گەنم و جۆی ڕەق بووەوە، ئێسقانی ئاژەڵ کە نیشاندەری ئاژەڵداریی مرۆڤە سەرەتاییەکانی ئەو سەردەمە بووە، پەیکەری گڵینی ژنێکی دووگیان.

بە پێی زانیاریی و ئاگاداریی شوێنەوارناسان گوندی چەرمۆ 6700 ساڵ پێش لە زایین ئاوا کراوەتەوە. ئەمە کۆنترین گوندە کە لە جیهاندا ئاوا کراوەتەوە. هەروەها شوێنەوارناسانی ئەمریکی و ئەڵمانی و تورك لە ساڵی 1985دا لە دەوروبەری ناوچەی ئەرخەنی، لە دیاربەکر ماڵێکیان لە بنی زەوی دۆزییەوە کە 9000 ساڵ کۆنە.

بەمجۆرە بەڵگەکان پیشاندەری ئەوەن کە ئادەمیزادی دێرین کوردستانی بۆ ژیان هەڵبژاردووە و لە کاتی سەرما و سۆڵەدا پەنای بردووەتە ئەشکەوتەکانی و لە وەرزە لەبارەکاندا داوێنی چیا و دەشتەکانی هەڵبژاردووە و هەر لەوێش فێری کشتوکاڵ بووە و ئاژەڵداریی کرد و ئامێری لە بەرد و ئێسقان و چێو بەکار برد و لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان نەخش و نیگاری کێشا و پەیکەری گڵینی ساز کرد و بە ئاگر برژاندی و بەو جۆرە دەروازەی شارستانییەتی بۆ مرۆڤ کردەوە لەم بەشەی جیهانەدا.

## دانیشتووانی کۆنی کوردستان:

لە هەزارەکانی چوارەم و سێهەمی پێش لە زاییندا خەڵکانێك لە

کوردستان دەژیان کە پێیان دەوترێ قەفقازییەکان یا ئاسیاییەکان و ئەمانە بریتی بوون لە کۆمەڵێ هۆز و تیرەی جۆربەجۆر وەکوو گۆتی، لۆلۆ، کاسی، نایری، میتانی، سۆباری و هتد. ئەمانە زۆر جار لەگەڵ دانیشتوانی میسۆپۆتامی بە شەڕ دەهاتن. لەو شوێنەوار و پاشماوانەی کە لە سەردەمی بابلییەکان بەدەست هاتووە زۆر جار باسی ئەم هۆز و خەڵکانە هاتووە و باسی شەڕ و شوورەکانیان لەگەڵ ئەواندا کراوە.

پاشتر لە دەوروبەری هەزارەی دووەمی پێش لە زایین خەڵکانێکی تر بە ناوی هیندوئوروپی یان ئارییایی کە دانیشتووی باشووری قەفقاز و دەوروبەری دەریای ڕەش بوون هاتنە ناوچەکە. دوایی لەو ئارییاییانە خەڵکانێکی نوێتر لە ناوچەکەدا سەریان هەڵدا بە ناوی ماد. بە سەرهەڵدانی مادەکان لە ناوچەکەدا تەواوی خەڵکانی ئەو ناوچەیە لە ناو ئەواندا توانەوە. مەڵبەندی مادەکان لە باری جوگرافیای سیاییەوە بەربلاوییەکی گرنگی هەبوو کە دوایی باسی لێوە دەکرێ.

### وشەی کورد لە مێژوودا

نزیکەی 2000 ساڵ پێش لە زایین ناوی کورد بە شێوەی جۆربەجۆر لە لایەن دراوسێکانیەوە لە مێژوودا هاتووە. تۆزێ دواتریش لە ساڵانی 700 ـ 800ی پێش لە زاییندا باسی ماد یان میدییەکان کراوە.

لە 401ی پ. ز. بە بەڵگەوە ناوی کاردۆخ، کاردۆ، کاردوك، کاردوخ و ... هتد هاتووە.

## دەوڵەتی حەسنەوی

کورد لە سەردەمی ئایینی ئیسلامیشدا لە خاکی کوردستاندا چەند دەوڵەتێکی جیاوازی دامەزراندووە. بەپێی باری ئەو دەمە ئەوانە دەوڵەتی هەرێمی بوون و لە ژێر سەرۆکایەتیی هەندێك خێزاندا بوون .

بەداخەوە کورد لەو کاتەدا نەیتوانی لە سەرانسەری کوردستاندا دەوڵەتێکی مەزن و ناوەندی دامەزرێنێ. هەر لەبەر ئەوەش بوو چەند دەوڵەتێکی هەرێمی دامەزرا. لە باشووری کوردستاندا، لە شاری "جیبەل" خانەدانێکی کورد بە ناوی "حەسنەوی"یەوە، هێزی خۆی ڕێك خست و لە ساڵی 941ی پاش زاییندا سەربەخۆیی خۆی ئاشکرا کرد. بەرەبەرە سوپا و دەوڵەتی پێش خست و شاری هەمەدان، مەهاباد، کرماشان و شارەزوور کەوتنە ناو سنووری دەوڵەتی حەسنەوییەوە. دەوڵەتی

حەسنەوی پارە و پووڵیشی هەڵکەند و سیستێمی ئابووریی ناوەندیی پێك هێنا. لە کوردستاندا ڕێگاوبان و ئاواییان دروست کردەوە. دەوڵەتی حەسنەوی تاکوو ساڵی 1014 دەسەڵاتی هەبوو.

## دەوڵەتی شەدادی

لە ساڵی 951ی پاش زاییندا سەرۆکی تیرەی ڕەوادی، محەمەد شەدادی دەوڵەتی شەدادیی کوردی دامەزراند و سنوورەکەیشی، لە شاری ڕەواندزەوە تاکوو شاری گەنجە ـ ئازەربایجانی سۆڤێتی ـ دەکشا.

لەو کاتەدا لە ڕۆژهەڵاتی کورستاندا دەوڵەتی شەدادی و لە ڕۆژاوای کوردستاندا دەوڵەتی مەروانی و لە باشووریشدا دەوڵەتی حەسنەوی هەبوون. ئەم سێ دەوڵەتەی کورد، هەموو هاودەمی یەکتر بوون. لە سەردەمی دەوڵەتی شەدادیدا، ژیانی کولتووری و هونەری زۆر پێش کەوت.

لە ساڵی 1088دا شای سەلجووقییەکان هێرشێکی مەزنی بردە سەر دەوڵەتی شەدادی و دوایی پێ هێنا.

## دەوڵەتی مەروانی

لە ساڵی 985ی پاش زاییندا باد دۆستەك دەوڵەتی مەروانیی دامەزراند و مەییافەرقین (سلیڤان)یشی کردە پایتەخت بۆ خۆی. سنووری دەوڵەتی مەروانی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا فراوان کرا و تاکوو هەرێمی نسێبین، جەزیرە، مەعدەن، ئامەد، ڕەحا، بەدلیس و مەلازگریی گرتەوە.

ئەو پاشایانەی کورد کە دوای دۆستەك هاتن، دەوڵەتی مەروانییان بەباشی و خۆشی ڕاگرت، بەتایبەتی لە سەردەمی پاشایەتیی ئەحمەد مەروان (ناسرلدەولە)دا، خەڵك بە ئازادی و سەرفەرازی دەژیا. لە دەوڵەتی مەروانیدا شارستانێتی و هونەر زۆر پێش کەوتن. پەیکەری مەییافەرقین و ئامەد ديارىەکری سەرلەنوێ دروست کرایەوە. گەلێك مزگەوت و کاروانسەرا و پرد دروست کران. لە کۆشکی پاشایانی کورددا مۆسیقا، سەما و هەڵپەڕکێ پەرەی سەند و کاری هونەری پێش کەوت و دەوڵەمەند بوو.

لە کاتی بوونی دەوڵەتی مەروانیدا، دەوڵەتی تورکە سەلجووقییەکانیش هەبوون، لە سەردەمی مەنسووری ناسرلدەولەدا، توغرولبەگ سوڵتانی سەلجووقییەکان بوو.

لە ساڵی 1043دا توغرولبەگ بە سەرۆکایەتیی توغا ئاسغلی 1000 سواری ناردە سەر مەییارفەرقین، بەڵام هێزی سەلجووقیی تورك بەرانبەر سوارچاکیی مەروانی خۆیانیان ڕانەگرت و پیس شکان و تاڵانیش کران، ئیتر لە دوای ئەوەوە تورك خۆی دوور ڕا دەگرت.

لە سەردەمی ناسرلدەولەدا دەوڵەتی مەروانی بەرەو کزی چوو و نیزامولمولکی سوڵتانی سەلجووقییەکان، بە هەلی زانی و هێزێکی سوارەی بە سەرکردایەتیی فەخرولدەولەی ناردە سەر مەروانیەکان. فەخرولدەولە لە نزیکی ئامەد لەشکری خۆی دوو بەشەوە، بەشێکیان بە سەرۆکایەتیی کورەکەی خۆی، زەعمیرولرۆئەسا، ناردە سەر ئامەد و خۆیشی لەگەڵ هێزەکەی تردا هێرشی کردە سەر وان کە پایتەخت بوو، ناسرولدەولە ناچار بەرەو جەزیرە هەڵات.

لە ساڵی 1086دا و دوای مەییارفەرقین و ئامەد، ئیتر دەوڵەتی مەروانی کەوتە ژێر دەستی تورکە سەلجووقییەکانەوە. لە ساڵی 1097دا دوایی بە دەسەڵاتی مەروانی هات.

## ئیمپراتۆریی ئەیووبی

ئەیووبییەکان تیرەیەکی کوردن و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ژیاون. نوورەدین مەحموود، لە سەدەی دوانزەیەمدا دەوڵەتی زەنگیی لە ناوچەی کەرکووك، مووسڵ، حەلەب دامەزراند. لەو دەمەدا خاچپەرستانی ئەورووپا، بە ئەنادۆڵدا هێرشیان کردە سەر شاری قودس. نە تورکی سەلجووقی و نە دەوڵەتی فاتمیی مسر توانییان پێشی ئەو لەشکرەی خاچپەرستانی ئەورووپا بگرن، تاکوو بەرگری لە شاری قودس بکەن و بیپارێزن.

سەرۆکی دەوڵەتی زەنگی، نوورەدین مەحموود بۆ پاراستنی سەرداری و سەروەریی قودس، لەگەڵ خاچپەرستاندا کەوتە شەڕ. لەبەر ئەوە هێزێکی مەزنی بە سەرۆکایەتیی سەلاحەدینی ئەیووبیی ناردە پایتەختی دەوڵەتی فاتمیی مسر.

سەلاحەدینی ئەیووبی قوماندارێکی گەلێك زیرەك و قارەمان بوو. لە ساڵی 1171دا هەلی بۆ هەڵکەوت و دەستی بە سەر دەوڵەتی فاتمیی میسردا گرت و دەسەڵاتی خۆی ئاشکرا کرد و لە جێی دەوڵەتی فاتمی، دەوڵەتی ئەیووبیی دامەزراند. سەلاحەدین لەسەر هەڵوێستی خۆی کاروباری ڕادەپەڕاند. لە ساڵی 1174دا سنووری دەوڵەتی ئەیووبیی ئیسلامیی فراوان کرد و بوو بە خاوەن دەسەڵات. سنووری ئەم دەوڵەتە لە مسرەوە تاکوو حیجاز،یەمەن، فەلەستین، سووریا، کوردستان بوو. سەلاحەدین بۆ خۆی هێزێکی چابووك و سوارچاکی لە کورد دروست کردبوو.

سەلاحەدینی ئەیووبی بە قارەمانێتیی خۆی شاری قودسی لە خاچپەرستانی ئەورووپا ڕزگار کرد و هێزی خاچپارێزانی ڕەتاند و ناوی قوماندارێتیی کورد لە تەواوی جیهاندا بڵاو بووەوە.
ئەگەرچی سەلاحەدین و هەندێکیش لە لەشکرەکەی کورد بوون، بەڵام دەوڵەتی ئەیووبی خۆڕسك

دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردی نەبوو، بەڵکوو دەوڵەتێکی ئیسلامی بوو، چونکوو لە سەردەمی ئەو کاتەی ئیسلامدا، ئەو دەوڵەتانەی دادەمەزران، لەسەر بنچ و بناوانی نەتەوەیی دانەدەمەزراند، چونکە هۆشیاریی نەتەوەیی لەو ئاستەدا نەبوو کە ببێتە مایەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی.

سەلاحەدینی ئەیووبی لە ساڵی 1193دا مرد و ئیتر دەوڵەتی ئەیووبی بەرەو سستبوون دەچوو، تاکوو لە ساڵی 1250دا دەوڵەتی ئەیووبی کۆتاییی پێ هات. ئێستاش گۆڕی سەلاحەدینی ئەیووبی لە شاری شامە و لەسەر کێلی گۆڕەکەی نووسراوە: "سەلاحەدینی کورد".

## میرنشینیی ئەردەڵان

میرنشینیی ئەردەڵان لە لایەن بابائەردەڵانەوە دامەزرێنراوە، ئەم میرنشینە نزیکەی 650 ساڵ دەسەڵاتی هەبوو. کاتێ مەغۆلەکان هێرشیان کردە سەر کوردستان، بابائەردەڵان سیاسەتی بەرانبەر ئەوان بەکار هێنا و لەگەڵیاندا نەکەوتە شەڕ، جا لەبەر ئەوە تا دەهات دەسەڵاتی میرنشینی ئەردەڵان لە هەرێمی شارەزوور و هەوراماندا مەزنتر و بەرفراوانتر دەبوو. بە ئامانجی ئەوەی کە دەوڵەتێکی نەتەوەیی دامەزرێنێ. ئەوە بوو لە دواییشدا تا ڕادەیەك گەیشتە ئامانجی خۆی و دەوڵەتێکی هەرێمیی نەتەوەییی تەمەندرێژیشی دروست کرد.

لە سەدەی چواردەیەمدا، لە عێرقدا دەوڵەتی جەلائیری دروست بوو و توانییان بەشی ڕۆژاوا و باکووری ئەردەڵان بگرن. بەڵام لە سەدەی پانزەیەمدا سەرۆکی میرنشینی ئەردەڵان، میرحەسەن، باکوور و ڕۆژاوایشی لە ژێر دەستی جەلائیرییەکان ڕزگار کرد و زێی مەزنی کردە سنووری باکووری میرنشینی ئەردەڵان و لە ڕەواندزیشدا بنکەیەکی سەربازیی دروست کرد.

لەو سەردەمەدا وێژە و هونەر و زمانی کوردی لە مزگەوتەکاندا زۆر پێش کەوتن و گەلێك بەرهەم بە زمانی کوردی بڵاو کرایەوە. عوسمانییەکان لە ساڵی 1549دا هێرشێکی گەلێك مەزنیان بردە سەر ڕەواندز و لە نێوان عوسمانییەکان و هێزی میرنشینی ئەردەڵاندا شەڕێکی دژوار ڕووی دا، عوسمانییەکان سەر نەکەوتن و شکستیان هێنا.

میرنشینیی ئەردەڵان تاکوو ساڵی 1864 لەسەر دەسەڵاتی خۆی مایەوە.

دوا میری ئەم میرنشینە ئەمانوڵڵا بوو کە هەر لەو ساڵەدا بە دەستی عوسمانییەکان لە ناو برا و ئەم میرنشینە کۆتایی پێ هات.

## میرنشینیی بادینان

میرنشینیی بادینان لە نێوان شاری مووسڵ و چەمی دیجلە و زێی مەزندا دامەزرێنرا بوو. سنووری میرنشینیی بادینان، لە ڕۆژئاواوە میرنشینیی بۆتان و لە باکوورەوە میرنشینیی هەکاری و لە

ڕۆژهەڵاتیشەوە میرنشینیی سۆران بوو. شاری ئامێدی پایتەختی میرنشینیی بادینان بوو. سنووری ئەم میرنشینییە ئەم شارانەی دەگرتەوە: زاخۆ، ئاکرێ و دهۆك.

دەوڵەتە هەرێمی و مەزن و ناوەندییەکانیش هەردەم دووبەرەکییان دەخستە ناو میرە کوردەکانەوە و نەیاندەویست میرە کوردەکان یەك بگرن و میرنشینە کوردییەکان ببی بە یەك.

دوای مردنی میرئیسماعیلی بادینان، میر محەمەدی سۆران میرنشینیی بادینانی خستە ژێر دەستی خۆیەوە و هەردوو میرنشینەکە بوون بە یەك. میرنشینیی سۆرانیش لە هەرێمی خۆیدا زۆر مەزن و بەهێز بوو.

## میرنشینی سۆران

دامەزراندنی میرنشینی سۆران لە لایەن کوردێکەوە بوو ناوی کەڵۆس بوو. کەڵۆس کوردێکی گەلێك ناودار بووە. لە سەردەمی مەر مستەفادا بارودۆخی میرنشینی سۆران گەشە دەکات و خۆش دەبێت. میر مستەفا لە ساڵی 1813دا دەسەڵاتی میرێتی دەداتە دەستی کوڕەکەی خۆیەوە کە ناوی میر محەمەد بووە، میرمحەمەد پیاوێکی هۆشیار و زیرەك بووە، زۆر بەناوبانگ بووە، ئەم میر محەمەدە زیاتر بە پاشا کوێرە بەناوبانگ بووە.

میر محەمەد کاروباری میرێتی دەکاتە دوو بەشەوە:

1ـ چارەسەرکردنی شەڕ و گێرەوکێشەی ناوخۆیی.

2ـ خەبات لە پێناوی بەرفراوانکردنی میرنشینی سۆراندا. میرمحەمەد ـ پاشا کۆرە ـ پاش تێپەڕ بوونی سێ ساڵ بەسەر میرێتییەکەیدا، واتە لە ساڵی 1816دا کارخانەیەکی چەکی لە کاولان کە نزیکی ڕەواندزە دروست کرد.

لەو کارخانەیەدا، شمشێر تفەنگ و گوللە و تۆپ و چەرخی تۆپ و ... هتد دروووست دەکران.

پاش ئەوەی میر سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند و دەستی دایە خەباتی بەرفراوانکردنی سنووری میرنشینیی خۆی و ئۆردووگایەکی سەربازیی لە 30000 (سی هەزار) سەرباز درووست کرد، لەوانە 10000 (دە هەزار)ی سوارە و 20000 (بیست هەزار)یشی پیادە بوون.

لە ساڵی 1833دا سنووری میرنشینیی سۆران گەلێك بەرفراوان بوو. لە باکوورەوە دەگەیشتە جزیرە و لە باشووریشەوە تاکوو زێی بچووك و لە لایەکی تریشەوە دەگەیشتە سنووری میرنشینی بۆتان.

میرمحەمەد بۆ بەڕێوەبردنی میرنشینیی خۆی، سیستێمێکی دانا.

لە سیستێمەکەیدا خەزێنەیەکی سێ بەشیی پێك هێنا:

1ـ بەشی ماڵ و مڵکی تایبەتیی میر.

2ـ بەشی داهات و باج.

3ـ بەشی دارایی و فەرمانڕەوایی و شارەکان و ... هتد.

میرمحەمەد لە ساڵی 1830دا لەشکرێکی مەزنی بە سەرۆکایەتیی ئیبراهیم پاشا، دژی سوڵتان مەحموودی دووەمی عوسمانی ناردە سەر سووریا و لە لایەکی تریشەوە لەشکرێکی تری بە سەرۆکایەتیی میرموراد ناردە ئێران و ئەو ناوچانەی کوردیان تیا دەژیا.

میر لە ساڵی 1834دا پەیمانێکی ئاشتیی لەگەڵ ئێراندا مۆر کرد.

دەوڵەتی عوسمانیش هەردەم خەریکی پلانی هێرش بردنە سەر میرنشینی سۆران بوو، بەڵام هەر سەر نەدەکەوت.

لە ساڵی 1836دا عوسمانییەکان بە سەرۆکایەتیی ڕەشید پاشا، هێزێکی گەورە و گرانیان ناردە سەر میرنشینی سۆران و شەڕێك قورس بەرپا بوو. لە دواییدا هێزی عوسمانی توانیی دەوروبەری میرنشینیی سۆران بگرێ.

دوایی میرمحەمەد خۆی چوو بۆ ئەستەمووڵ. سوڵتان مەحموودی دووەمی عوسمانی میری ئازاد کرد، بەڵام لە گەڕانەوەدا بۆسەیەکیان بۆ دا نا و بە نامەردی میرمحەمەد ـ پاشا کۆرە ـ یان کوشت و میرنشینیی سۆرانیان هەڵوەشاندەوە.

## میرنشینی بابان

میرنشینی بابان لە بنەڕەتدا بە ناوی فەقێ ئەحمەدی بابانەوە دامەزراوە. لە ساڵەکانی 1686 بەدواوە بەهێز بووە و دواییش دەسەڵاتی گرتۆتە دەست. لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەیەمدا میرنشینی بابان لە ڕووی سیاسییەوە و دژی دەوڵەتی عوسمانی ڕۆڵێکی زۆر گرینگی بینیوە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی دەسەڵات و هێزی سەربازیی میرنشینی بابان. دەسەڵاتی میرنشینی بابان دەگەڕێتەوە بۆ 300 ساڵێك لەمەوبەر. ئەم میرنشینە دەکەوێتە ناوچەی سلێمانییەوە، لە باشووری میرنشینی سۆرانەوە و تاکوو بەشێکیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە. لە ڕۆژئاواشەوە تەواوی ناوچەی کەرکووکی دەگرتەوە. بەشێکی ناوچەی شارەزوور لەژێر دەسەڵاتی میرنشینی باباندا بوو. پایتەختی میرنشینی بابان قەڵاچوالان بوو. دوای ئەوەی دادوەری گوندی مەڵکەندی، ئیبراهیم پاشا، بە ناوی سلێمان پاشاوە، لە ساڵی 1784دا دەستی بە درووستکردنی شارێك کرد و ناوی سلێمانیی لێ نا و دواییش کرا بە پایتەختی میرنشینی بابان.

لە سەردەمی میرنشینی باباندا گیروگرفتی ناوخۆیی زۆر بوو، ئەمە زۆر کاری کردە سەر بێهێزی و لاوازکردنی ئەم میرنشینە لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە عوسمانی و فارس بە پێی رێککەوتنی پەیمانی قەسری شیرین میرنشینی بابانیان لە ناو خۆیاندا بەش کرد. ئیتر لە دوای ئەوەیش میرنشینی بابان جارێ دەکەوتە ژێر دەستی عوسمانی و جارێکی تریش ژێر دەستی فارس.

لە سەردەمی میرعەبدولرەحمان پاشادا جارێکی تریش میرنشینی بابان بەهێز بووەوە و سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند. عوسمانییەکان لە ساڵی 1822دا بە لەشکرێکی زۆر بەهێز و لەژێر سەرکردایەتیی مامەد پاشا خۆیدا، هێرشی بردە سەر سلێمانی کە پایتەختی میرنشینی بابان بوو.

نزیکەی 500 کەس لە لەشکری عوسمانی کوژرا، بەڵام لە دواییدا عوسمانییەکان توانییان شاری سلێمانی بگرن. مەحموود پاشا لە دوای مردنی باوکی بوو بە سەرۆکی میرنشینی بابان و تاکوو ساڵی 1834 دەسەڵات بە دەستی ئەو بوو و دوای ئەویش دەسەڵاتی میرنشینی بابان تاکوو ساڵی 1851 بە دەستی سلێمان پاشا بوو.

ئەوەی شایانی باسە، لە ماوەی دەسەڵاتداریی ئەم میرنشینەدا زمان و ئەدەبی کوردی زۆر پەرەی سەند، بەتایبەتی لە کۆتایی سەدەی شانزەوە تاکوو نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدە.

دروستبوونی قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردی بە ڕێبەرایەتیی نالی 1797ـ 1855 و هاوڕێکانی، سالم و کوردی و مەحوی کە شەقڵشکێنی شیعری کوردی بوون لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووودا و دواییش بوو بە زمانی ئەدەب و نووسین و زۆر لە شاعیرانی تریش هەر لەسە ئەو ڕێچکەیە ڕۆیشتن و پەیڕەوییان کرد و پەرەیان بەو زمانە ئەدەبییە دا.

## میرنشینی هەکاری

هەکاری ناوچەیەکی شاخاوییە، میرنشینی هەکاری دەکەوتە نێوان گۆلی وان، شاری وان و خۆشاوی. پایتەختی میرنشینی هەکاری شاری چۆلەمێرگ بوو.

لەبەر ئەوەی ئەم میرنشینە لە هەرێمێکی چیاییدا بوو، دەیتوانی خۆی لە دوژمن بپارێزێ و بژێ. بۆیەش هەتا دەهات بەهێز دەبوو.

دەوڵەتی عوسمانی لەم میرنشینە دەترسا، بۆیە زۆر جار لەشکری دەناردە سەر گوندەکانی دەوروبەری میرنشینی هەکاری و کاولی دەکردن و مووچەخۆر و ڕۆشنبیرانی کوردیان لەو هەرێمە دەر دەکرد.

لەبەر هێرش و زوڵم و زۆرداریی عوسمانییەکان، خەڵك پەنایان دەبردە بەر میرنشینی هەکاری و هێزی ئەم میرنشینەش هەتا دەهات زیادی دەکرد. هێزی چەکداری لە 40000 (چل هەزار) زێدەتر بوو.

لە لایەکی ترەوە دەوڵەتی فارسیش ترسی ئەم میرنشینەی لێ نیشتبوو، بۆیە جارەناجارێك بە لەشکری زۆر مەزنەوە هێرشی دەبردە سەری، بەڵام میرنشینی هەکاری بەردەوام سەربەخۆیی خۆی دژی عوسمان و فارس بە سەرفەرازی پاراستووە. ئەمەش بەتایبەتی لە سەردەمی مستەفا پاشای هەکاریدا کە میرنشینەکەی زۆر بەهێز بووبوو.

هەرچەندە میرنشینی هەکاری لەم دواییەی سەردەمی عوسمانییەکاندا ناوی نەمابوو، بەڵام دەوڵەت تاکوو ئەمڕۆش نەیتوانیوە بە تەواوی دەس بەسەر ئەو هەرێمەدا بگرێ.

## میرنشینی بۆتان

پایتەختی میرنشینی بۆتان شاری جزیرە بوو. ئەم شارە دەکەوێتە تەنیشت چەمی دیجلەوە کە ئەویش هۆیەکی گرنگ بوو بۆ ناوچەکە. ڕێگای بازرگانیی دیاربەکر ـ مووسڵ ـ بەغداد ـ ئەستەمووڵ بەویدا تێدەپەڕی.

ئەم میرنشینە ڕۆڵێکی گرنگی لە مێژووی ڕووناکبیریی کورددا بینیوە. لە میرنشینیی بۆتاندا خەباتێکی زۆر بۆ پێشخستنی زمان و وێژەی کوردی کراوە. لە نێوان ساڵانی 1400 ـ 1570دا شاری جزیرە بووبووە سەرچاوەی زانیاری و ڕووناکبیری. لە قوتابخانەکانی جزیرەدا گەلێ مرۆڤی مەزن و ناودار هەڵکەوتن.

لە هەرێمەکانی میرنشینی بۆتان و هەکاریدا، فەیلەسووف و نووسەر و شاعیری وەکوو مەلای جزیری، فەقێ تەیران و ئەحمەدی خانی دەرکەوتن. مەم و زینی خانی ئەمڕۆ لە ناو کلاسیکانی جیهاندا جێی خۆی گرتووە.

هەروەها بنەماڵەی بەدرخان لە ڕووی خزمەتکردنی زمان و وێژە و هونەرەوە ڕۆڵێکی مەزن و گرنگیان بینیوە.لە ساڵی 1880دا ڕۆژنامەی کوردستان و ساڵانی 1930 ـ 1954، گۆڤاری هاوار، ڕۆژا نوو، ڕووناهی یان دەرکردووە.

لە ساڵی 1821دا بنەماڵەی عەزیزان دەسەڵاتی ئەم میرنشینەیان گرتە دەست.

لە سەدەی نۆزدەیەمدا کوردستان لە نێوان میرنشینەکاندا بەش کرا بوو. میرنشینی بۆتان دژی دوژمن تێکەڵاوییەکەی باشی لەگەڵ خەڵکی کورددا درووست کردبوو. هەوڵێکی زۆریش بۆ یەکبوون و سەربەخۆیی میرنشینانی سۆران، بۆتان، بادینان،بابان درا، بەڵام دەوڵەتی عوسمانی زوو هەستی بەمە کرد و بە لەشکرێکی گەورە و گرانەوە هێرشی بردە سەر هەموو میرنشینەکان و بەو پەلامارە ئۆتۆنۆمیی میرنشینەکانی نەهێشت و دەزگای درووستکراوی داگیرکەری لە جێی میرنشینەکاندا دامەزراند.